# ماچی پەپولەیی

نەجات رۆستی

rosti@maktoob. com

ئەوئێوارەییەی هەموو ئەندێشەم تێکەڵی ئەو خەیاڵە ببوو کەبۆخۆم دنیایەکی جوانی وەنەوشەیم لەشارێکی بێ ژاوە ژاوی مرۆڤە هەرەشە ئامێزەکان چێ کردبوو، گەرابوومەوە سەرەتایی هەرەتی ئەو رۆژانەی کەبەدەم رێگایەوەو بەبینینی بەژنو باڵاودیوەکەی دواوەی ئەتوامەوەو، قەترەقەترەلەژێرلیباسەکەم شەهوەتی پشوم ئەرژایە سەرئەژنۆەکانم، ژیان جارێکی تر خۆی نوێ ئەکردەوە، دایکم دەهاتەوە بەرچاو کەهەمیشە پێی ئەووتم: چەند زوو باڵای کرد، خۆمناڵی دوێنێیە، وائەزانم ئێستا هاتووتە دنیاوە چونکە زۆر نزیکە، ئەو شەوەی لەدایك بووی نەفرەتم لەباوکت دەکردلەبەرئازارو ژانی خۆم، بەلام کەگوێم لەدەنگت بوو، ئاورم لەتەنیشت خۆم دایەوە، تۆم لەپاڵ خۆم بینی زۆر دڵشاد بووم خۆزگەم بەو شەوە دەخواست کەباوکت تۆی لەهەناوی من چێ کرد، هەرگیز چاوەرێی تۆ نەبووم رۆڵە بەڵکو چاوەرێی کچێکی قژئاڵۆز بووم بۆئەوەی هەرنەبێ بۆخزمەتی پیاوانی ماڵ هاوکاریم بکات، بەر لەتۆش، ئەوکورەم بووکەتەنها نۆ مانگ ژیاو لەداخی خەمی ژیانەوە سەری نایەوە بەرەو ئاسمان رۆحی پەپولەیی هەڵفری. رۆڵە ئەو چاکی کرد ئەگەر بمزانیایە ئەم ژیانە هەمووی شەرەو لەتەنیشت ئاشتی خەمی داهاتوومان خەمی ئێوەیە هەرگیز لەباوکتم نەدەگەرا ئەوشەوە تابەیانی لەنیوجولانەی هەڵدراومان یاری بکات، بەدەم ئەم خەیاڵەو چەندین ووتەی تر کەلەدایکمو ژنانی وڵاتەکەم دەیبیستین خەیاڵ بەرەو ئەو دونیایەی بردبوومەوە کەلە هەموو ئەو ژیانەی بەرێم کردووە پەشیمانم، لەپرێکدا ئەو شۆخە کچە دەرکەوت کەهەمیشە خەونم پێوە ئەدی، چونکە حەیامێك بەر لەوەی بیناسم شەیدای پێکەنیننینو باڵای ببووم، لەگەڵ یەکەم دیداریشمان نیگایەکانم تێر تێر ئەبرییە نیگایەکانی، ئەو لەزمانی چاوی من گەیشت بەلام من زۆر ترسنۆك بووم، هەر بۆیە نەموێرا بەدەم پێی بڵێم خۆشم ئەوێی، بەدەستێکی لەرزۆك لەیەکێك لەهۆڵەکانی ئەم شارە لەسەر پارچە کاعەزێکی سپی وەکو سنگی ئەوم نووسی (خۆشم ئەوێی، ÿخۆشم ئەوێی) بەدەستە لەرزۆکەکەم پێنوسەکەم دایە دەستی بۆ ئەوەی ووڵامەکەمم بۆ بنوسێ، کەچی لەسەر نووسینە کەچەندجارێك بەسەریدا رۆیشتەوەو هەمووی رەشکردەوەبێئەوەی وەڵامم بۆبنوسێتەوە، دوای ئەوەی خامۆشی هەردووکمانی گرتەوە بەیەکەوە هەڵساین بەرەو شەقامی سەرەکی رۆیشتین تاڵەوێ من بچم بەلای کاری خۆمو ئەویش بچێ بەلای کاری خۆی، لەدوا ساتەکانی لەیەکجیابوونەوە، بە زمانی تەتەڵەوە پێم ووت: ها چیت ووت بۆ پرسیارەکەم. . ؟ نیگایەکی تێ برێم بەدەم خەندەیەکی خۆشەوە کەوەك بڵێسەیەکی ئاگر واوبوو بەناخمدا رووچووگیانمی تاساند ووتی: پاش چەند رۆژێکی تر وەڵامت دەدەمەوە ئیتر وەك لایەك لەلەشم کرابێتەوە لەیەکتر جیابووینەوە، ئەو رۆژانە هەرگیز تەواو نەدەبوو هەموو کات بەدوای ئەو هەڵەدا دەگەرام، کەبینیمەوە تا وەڵامی یەکجارەکەیلێ وەربگرمەوە، دواجار لەکتێبخانەیەکی خنجیلانەی شارەکەم بینیمەوە دوای دانیشتنێکی چەند کاتژمێری جارێکی تر بۆم نوسیبووە: (خۆشم ئەوێی ÿ. خۆشم ئەوێی) ئەویش بەخەندەیەکەوە بۆی نووسیم: (هەروامنیش) ئیتر لێرەوە ئاوێتەی ئەوروحە پاکە بووم کەهەمیشە بەبینینی ئارامێکی ئێکجار فرەی ئەبەخشییە گیانم، ئەو ئێوارەیە لەگەڵ دەرکەوتنی پەنجەکانم باڵە فرێی نیو پەنجەکانی دەکرد، لێوەکانم تامەزۆی لێوەکانی دەکرد، جەستەم پاڵەپەستۆی بەیەکوەنووسانی دەکرد، پەنجەکانم لەهەموو لەشم بزێووتر بوو لەپرێکدا پەنجەکانم خۆیان هەڵدایە نێو پەنجەکانی، بۆماوەیەك لەنێو پەنجەکانی کپکپ بەبێ دەنگی خەوتن، ئیتر لەو رۆژەوە پەنجەکانم باڵە فریان گرتووە بەرەو نێو باخی قژو سینەی هەڵفرین ئیتر، ئەوێ بوونە ووڵاتی ئارام بەخشی جەستەم ئەوێ بوونە ئەو ئارامگەیەی کەلێی فێر بووم تامی ژیان و چوونە چوون ئەتوانین بێنوشین لەوێوە هەستم بەبوونی خۆم کرد. . لەوێشەوە لێوەکام بەرەو لێوەکانی گرژ گرژ دەبوون تا ئەو رۆژەی کەیەکەم جار بوو لێوەکانم کەوتنە سەر لێوەکانی تێر تێر بەسیەکانم هەناسەکانم هەڵمژیو هەناسەکانیو هەناسەکانم تێکەڵی ئەوساتە خۆشانە بوون کەهەموو دنیام ئەدا بەیەك لەحزەی کەلەباوەشی ئارامم گرت، لەوەوە فێربووم ماچی پەپولەی چەند بەتامە، تاماوم پەپولە گیان منتباری تۆم کەفێرت کردم ماچی پەپولەیی ئەو ماچەی تا لەژیان ماوم لەبیری ناکەم.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.